## بۆکان لە ئەنسیکلۆپێدیای "ایرانیکا" دا

ئەنسیکلۆپێدیای "ئیرانیکا" بە هیممەتی "د. ئیحسان یارشاطر" و هاوکارەکانی لە زانستگەی کۆلۆمبیای ئەمریکا بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێت و چەندەها ساڵە دەیان و سەدان کەس بە نووسینیەوە خەریکن.

بابەتی ئیرانیکا، مێژوو و ئەدەب و زانستی ئێرانە و هەندێک لە بەشەکانی کورد و شارە کوردنشینەکانی ئێران و مێژووەکەیان دەگرنەوە. چەند کوردی پسپۆڕ و شارەزاش لە نووسینی بابەتەکانی سەبارەت بە کورد و کوردستاندا هاوکارییان کردوون، کە یەکیان پرۆفیسۆر د. ئەمیر حەسەنپوورە.

کاک ئەمیر بابەتێکی بۆ ناساندنی شاری بۆکان لە ئیرانیکادا نووسیوە کە من وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی و لێرەدا دەیهێنم. پێشتریش لە هەندێک بەشی ئەم زنجیرە وتارەدا بابەتی سەبارەت بە بۆکانم لە قامووس و ئەنسیکلۆپێدیای جیاواز دەرهێناوە و ناساندوومە (بۆ نموونە، بڕوانە بەشی ٥٧ تا ٦٧).

بابەتەکەی کاک ئەمیر لە ساڵی ١٩٨٩ دا نووسراوە، ئەودەم بۆکان "بەخش" ێکی مەهاباد بوو. دیهستانی تورجان کە لە وتارەکەدا وەک یەک لە سێ دیهستانی بۆکان ناسێنراوە، لە کاتێکدا ئەو دیهستانە ٢٦ ساڵ پێش نووسرانی بابەتەکە لە بۆکان جیاکراوەتەوە و کەوتۆتە سەر شاری سەقز. هۆی بەرچاونەگیرانی ئەو فاکتەش کۆن بوونی سەرچاوەکانی بەردەستی نووسەر بووە و ئەوە یەک لە گرفتە سەرەکییەکانی کاری توێژینەوە لە دەرەوەی وڵاتە. زانیاریی سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی شاریش هەر لە سەرچاوەی کۆن وەرگیراوە و بەم بۆنەیەوە لەگەڵ ڕاستەقینەی ئەمڕۆدا یەک ناگرنەوە. هەرچۆنێک بێت، بابەتەکە گەلێک کورت و لەعەینی کاتدا پشت ئەستوور بە بە ڵگە و فاکتە.

گەلێک بابەتی هاوچەشن لە بەرگی جیاوازی کتێبەکەدا هەن کە ناوەرۆکەکەیان ئەم زنجیرە وتارانە دەگرێتەوە و من دەبێ لە دەرفەتی دواتردا تەرجەمەیان بکەم و لێرەدا بیانهێنم.

ئەوە وەرگێڕاوی کوردیی نووسراوەکەی کاک ئەمیری حەسەنپوورە:

## بوکان

**بوکان** (بە کوردی 'بۆکان')، ناوی شار، واتە *بەخش* و ڕووبارێکە لە *شەهرستان ی* مەهاباد، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دا.

شارەکە کەوتۆتە لێواری ڕۆژهەڵاتی سیمینەروود (بە تورکی 'تەتەهووچای')، کە لە ناوچەکەدا بە ناوی 'چۆمی بۆکان' دەناسرێت، کەوتۆتە سەر ڕێگای نێوان سەقز[3] ومیاندواو[4]، لە دەوروبەری ٥٦ کیلۆمیتریی باشووری ڕۆژهەڵاتی مەهاباد. شارەکە دەوری ناوەندێکی ئیداری و بازرگانی بۆ چەند دەرزەن گوندی ئاوەدان دەبینێت. تا ئەم دواییانە واتە ساڵانی ١٣٣٠ ی هەتاوی و ١٩٥٠ ی زایێنی بوکان تەنیا گوندێکی گەورە (قەسەبە) بوو بە ٣٠٧٤ کەس دانیشتووەوە (ڕەزم ئارا، *فەرهەنگ*، بەرگی ٤، لاپەڕە ٩٨) بەڵام ژمارەی دانیشتووانی بە خێرایی لە ٣٠٣٠٧ کەسی ساڵی ١٣٣٥ ی هەتاوی /

---

3 لە دەقە ئینگلیزییەکەدا وەک "سەققز" نووسراوە. دیارە ئەو شێواز بۆ پاراستنی شێوازی ئێرانیکا بووە کە فارسییە.
4 لە دەقە ئینگلیزییەکەدا وەک "میاندوئاب" نووسراوە. دیارە ئەوە بۆ پاراستنی شێوازی ئێرانیکا بووە.

١٩٥٦ ی زاینی یەوە گەیشتە ٩٣٠٧ لە ١٣٤٥ ی هەتاوی/ ١٩٦٦ ی زاینی و ٢٠٥٧٩ کەس لە ١٣٥٥ ی هەتاوی/ ١٩٧٦ ی زاینی (سازمان برنامە [و بودجە]، ١٣٤٦ ی هەتاوی/ ١٩٦٧ ی زاینی، ١٣٥٨ ی هەتاوی/ ١٩٧٩ ی زاینی)، ئەوەش لە بنەڕەتدا بە هۆی کۆچکردنی گوندنشینەکانەوە بووە دوا بەدوای ئیسلاحاتی ئەرزیی ساڵانی ١٣٤٠ ی هەتاوی[5] و ١٩٦٠ی زاینی.

بەخشی بۆکان لە باری فەرمییەوە لە سێ دیهستان پێک هاتووە: ئەختاچیی بوکان (بە ٤٨ گوند و ١٦٠٦٠ کەس دانیشتووەوە)، بێهی (٦٢ گوند و ١٦١٧٧ دانێشتوو) و ترجان[6] (بەکوردی تورجان؛ ٢٨ گوند و ٧٥٤٨ کەس دانیشتوو؛ ڕەزم ئارا، هەمان بەرگ، هەمان شوێن). دانیشتووانی [شارەکە] کورد و سوننی و سەر بە ڕێبازی شافیعین، بە سۆرانی واتە زاراوەی ناوەندیی زمانی کوردی قسە دەکەن. خەڵکی گوندەکان بە کشتوکاڵەوە خەریکن (گەنم، جۆ و دانەوێڵەی دیکە، چەوەندەری قەند، تووتن ودەغڵ ودانی هاوینەی تر)، هەروەها باخەوانی و ئاژەڵداری. گوندەکە پێشتر کۆمەڵگایەکی جوولەکەی دەوروبەری ٧٠ بنەماڵەیی تێدا بوو (ڕەزم ئارا، هەمان بەرگ، هەمان شوێن).

ناوی جوغرافیایی بوکان پێش سەردەمی قاجارەکان لە سەرچاوە مێژووییەکاندا تۆمار نەکراوە (بۆ وجە تسمیە ی ووشەکە بڕوانە مینۆرسکی، لل. ٦٩-٦٨). ناوچەکە بەشێک بوو لە ئەمارەتی بەهێزی موکری (بۆی بڕوانە؛ کۆتاییەکانی سەدەی نۆ هەمی کۆچی/ چاردەهەمی زاینی تا کۆتاییەکانی سەدەی سێزدەهەمی کۆچی/ نۆزدەهەمی زاینی)، کە ناوەندەکەی لە ساوج بولاغ[7] (بە کوردی، سابڵاغ) بوو و ئێستا بۆتە مەهاباد. لەگەڵ هەرەسی ئەمارەتی موکریدا، *ئاغا*کانی دێهبوکری (بەکوردی دێبوکری)، بنەماڵەیەکی ئەشرافی زەویندار (کە هەندێک جار بەهەڵە "عەشیرەت" یان پێ دەگوترێت) و خاوەنی گوندێکی زۆر لە ئەختاچی، بێهی و شاروێران[8] ( لە شەهرستان ی مەهاباد) بوون، لە بوکان سەریان هەڵدا. ئەوان دوژمنی قورس وقایمی شازادەکانی موکری بوون.
سەرەڕای قەوارە بچووکەکەی، بوکان لە ژیانی سیاسی فەرهەنگیی ناوچەکەدا دەورێکی مەزنی بینیوە. گوندی ئاوەدانی *ئاغا* دەسەڵاتدارەکان دەیانتوانی ژمارەیەکی زۆری مەلا، فەقێ و شێخ (ڕێبەرانی ڕێبازە ئایینییەکان) لەخۆ بگرن. گوندی تورجان و خانەقا[9] ( لە*شەهرستان ی* مەهاباد) بۆ قوتابخانە ئایینییەکانیان بەناوبانگ بوون. (دارالعلم ترجان و خانقاه شیخ برهان/ خانەقای شێخی بورهان) فەقێی وولاتانی ئیسلامیی دراوسێش دەرسیان تێدا دەخوێند (هێمن، لل ٩-٨؛ ترجانی، لل. ٣٧-٥٣٦).
خەڵکی بوکان چالاکانە بەشداری کۆماری کەم تەمەنی کوردستانی ساڵانی ٢٥-١٣٢٤ ی هەتاوی/ ١٩٤٦ ی زاینییان کرد، کە پێتەختەکەی لە مەهاباد بوو (ئیگڵتن). شاروچکەکە خاوەنی چاپخانەیەک بوو کە تێیدا کتێب و گۆڤار بە کوردی چاپ دەکران. شەش ساڵ دواتر، ناوچەکە بوو بە ناوەندی ڕاپەڕینێکی وەرزێری کە دواتر لە هەموو ئوستانە کوردییەکاندا پەرەی سەند (موخەممەدۆف).
هێزەکانی وەرزێران توانیان *ئاغاوەت* لە گوندەکان وەدەر بنێن و لەبوکانیان کۆ بکەنەوە. ئەرتەش دەستی خستە کارەکەوە و ڕاپەڕینەکە بێ بەزەییانە سەرکوت کرا (هێمن، لل. ٣٩-٣٨؛ هەروەها *کوردستان* [بڵاڤۆکی حزبی دیموکراتی کوردستان بە زمانی کوردی] ڕۆژی ٢٣ ی فیبریوێری، ١٩٧٣، لل. ١ و ٣). خەڵکی بوکان لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ی هەتاوی/ ٧٩-١٩٧٨ی زاینیدا لە ئێران و لە بزووتنەوەی خودموختاریخوازیی دوای ئەودا، بەشدار بوون.

*بیبلیۆگرافی:*

---

5 لە دەقە ئینگلیزییەکەدا، لەجیاتی ١٣٤٠ ەکانی هەتاوی، نووسراوە ١٩٤٠ ەکانی هەتاوی و ئەوەش دەبێ هەڵەی چاپ بێت.
6 بە ضم ی /ت/
7 ساقوج بولاغ
8 شەهر ڤێران
9 خانقاه

و. دۆگڵاس، *وولاتی سەمەرە و خەڵکی میهرەبان*، نیویۆرک، ١٩٥١، لل. ٨٦-٨٤.

و. ئیگڵتنی لاو، *کۆماری کوردستانی ١٩٤٦*، ئۆکسفۆرد، ١٩٦٣.

هێمن [محەممەد ئەمین شێخولئیسلامی]، *تاریک و ڕوون*. چاپی نوێ، ١٩٧٤.

ڤ. مینۆرسکی، "ناوی مغولیی شوێن لە کوردستانی موکری"، *بوڵتەنی سواس* ١/١٩، ١٩٥٧، لل.٨١-٥٨.

ک. موخەممەدۆڤ، "ڕاپەڕینی وەرزێریی لە ئێران"، *نیو تایمز*، ١٩٥٣، ژمارە ٣، لل. ١٩-١٦.

ژ. دومۆرگان، *مەئموورییەتی زانستی لە ئێران*، بەرگی ٢، پاریس، ١٨٩٥، لل. ٤٢- ٤٠.

و. ڕوودۆڵف و ح. سەلاح (سۆران)، "هۆزی فەیزوڵلابەگیی بۆکان"، *ئارشیوی بایسلێر*، ژمارە ٦، ١٩٦٧، لل. ٣٠٤ – ٢٧٥.

سازمان برنامه [و بودجه]، مرکز آمار ایران، *سرشماری عمومی نفوس و مسکن*، [جلد] ٥٥، *شهرستان مهاباد*، آبان، ١٣٤٥ شمسی/ اکتبر- نوامبر، ١٩٦٦، بهمن ١٣٤٦ شمسی/ جانیوری- فبریوری، ١٩٦٧، ص.د.

هەروەها: *سرشماری عمومی نفوس و مسکن*، [جلد] ٤٨، *شهرستان مهاباد*، آبان، ١٣٥٥ شمسی/ اکتبر- نوامبر، ١٩٧٦، آبان ١٣٥٨ شمسی/ اکتبر- نوامبر ، ١٩٧٩، ص. *ش*.

ئـ. ترجانی، "مختصر شرح حال استاد [واته ئوستاد ئەحمەد تورجانی زاده] به قلم خودش" نشریه دانشگاه آذربایجان، تبریز، ٢٦، ١٣٥٣ شمسی/ ١٩٧٤، صص. ٣٨-٣٥٦.

(ئەمیر حەسەن پوور)

Originally Published: December 15, 1989

Last Updated: December 15, 1989

This article is available in print.
Vol. IV, Fasc. 5, p. 511

©2012 Encyclopædia Iranica. All Ri